# دایك

منداڵێکی ساوا بووم

کەی وەک ئێستاکە وابووم

دایکم بەخێوی کردم

ئەو نەبوایە ئەمردم

بە لایلایە و گۆرانی

ڕایژەنووم تا بەیانی

بە شیری مەمکەکانی

منی بە بەرهەم هانی

ڕەنجی لەگەڵ کێشاوم

لە باوەشیا دایناوم

بەرگ و جلی بۆ شتووم

خزمەتی زۆری کردووم

چاکەی وا لە بەر چاوم

هەتا لە دنیا ماوم

ئەبێ دڵی نەشکێنم

ئارەزووی بەجێ بێنم



فایەق بێکەس



Copyright © Kurdi.fi

* لێکدانەوەی وشەکان:

- ساوا: ساقا، خودان، کەرەم، شیرەخۆرە، بچکۆڵە
- بە خێوی کردم: خودان کرم، گەورەی کردم
- ڕایژەنووم: دەهەژاندم، دەیراژاندم
- باوەش: ئامێز، بەرمل
- لایلایە: لالایی، گۆرانی دەخەوکردنی مناڵ
- ئارەزوو: هێڤی، هیوا، ئاوات، حەز، دڵخواز

---

* پرسیار

1- بۆ چی منداڵ دایک و باوکی خۆی خۆش دەوێ؟ ..........

..........

..........

2- دایك بە چی منداڵی خۆی بەخێو دەکات؟ ..........

..........

..........

3- کێ کاروباری ماڵ بەڕێوە دەبات؟ ..........

..........

..........

4- منداڵ چۆن دەتوانێ جوابی چاکەی دایک و باوکی بداتەوە؟ ..........

..........

..........

---



* وانەکە بخوێنەوە و ئەم بۆشایانەی خوارەوە پڕ بکەوە:

1- دایکم ________ کردم.

2- ڕەنجی لەگەڵ ________ .

3- ________ و جلی بۆ شتووم.

4- چاکەی وا لەبەر ________ .

4- دەبێت ________ نەشکێنم.

Copyright © Kurdi.fi

❊ هەر کام لەم وشانەی خوارەوە سێ کەڕەت بنووسەوە:

ئێستاکە ..........

باوەش ..........

خزمەت ..........

بەرهەم ..........

شکاندن ..........

چاکە ..........

لایلایە ..........

دنیا ..........

---

❊ هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەک دا بەکار بهێنە:

ساوا ..........

گۆرانی ..........

منداڵ ..........

دایک ..........

ڕەنج ..........

دڵ ..........

ئارەزوو ..........

شێعر ..........

بەیانی ..........

---

❊ لە ناو دەفتەرەکەتدا جارێک لەو شێعرە بنووسەوە!


Copyright © Kurdi.fi